Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)
TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpC.33

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Talat Tahir Hamadali
shenejazaa@gmail.com

# تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەریەکانی لەسەر گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستاندا

RECEIVED :15 /07/2025
ACCEPTED :18/10/ 2025
PUBLISHED :15/12/ 2025

**شێنێ جەزا محی الدین/** بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤیەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
**سەلام نصرالدین محمد/** بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤیەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**وشە سەرەکییەکان:**
تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان
کاریگەری
گەشەپێدان
کەرتی کشتوکاڵ
هەرێمی کوردستان

## پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە لە گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستاندا، کێشەی توێژینەوەکە لەپرسیارێکی سەرەکیدا ڕەنگدەداتەوە: (تاچەند تۆڕە کۆمەڵاییەتیەکان کاریگەری هەیە لەگەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستاندا؟)، توێژینەوەکە لەجۆری توێژینەوە وەسفییەکانە، پشتی بەستوە بەڕێبازی ڕوپێوی بۆ مشتەیەک لە مامۆستایانی کشتوکاڵ و ڕاگەیاندن لەچوار زانکۆ گەورەکەی کوردستاندا (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە)، ژمارەیان (263) مامۆستا بوە بەشێوازی گەمارۆدانی گشتگیر، لەڕێگەی ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی ئەلکترۆنی. توێژینەوەکە گەیشتوە بەچەند دەرەنجامێک: بە ئاستی جیاواز تۆرە کۆمەیەلاتیەکان پشتی پێدەبەستریێت، لەناو تۆرەکانیش فەیسبوک زیاتر پشتی پێدەبەستریت و زۆرترین کاریگەری هەیە لە گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ، بەلأم بەرادەیەکی کەم تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەمەبەستی کشتوکاڵی بەکاردەهێنن، بە تایبەت سەبارەت بە تەکنەلۆژیای کشتوکاڵی، تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دەرفەتی باشتر بۆ بازارگەری بەرهەمە کشتوکاڵیەکان دەرەخسێنن، بۆ بەرەنگدانەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر کەرتی کشتوکاڵی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان دەرفەتی باشتر بۆ بازارگەری بەرهەمە کشتوکاڵیەکان دەرەخسێنن، واتا کاریگەریەکە بە ئەرێنی دەرکەوتوە، بەڵام تۆرە کۆمەڵایەتیەکان کاریگەریان نیە لەسەر ئاشنابون بە پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای کشتوکاڵی واتە کاریگەریەکە بە نەرێنی دەرکەوتوە.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1. پێشەکی

تۆڕی کۆمەڵایەتی وەک یەکێک لە داهێنراو و پێشکەوتنەکانی بواری گەیاندنی جەماوەری، بەشێکە لەو پێشکەوتنە زانستییەی کە ڕەنگدانەوەی هەیە لە کەرتی کشتوکاڵیدا، لەڕێگەی بەکارهێنانی لە گواستنەوەی زانیاری و ڕێنمایی و بڵاوکردنەوەی پێشکەوتنی کەرتەکە بە تایبەت لە ڕووی تەکنەلۆژییەوە. ئەمەش بەدینایەت ئەگەر ئامرازێکی کاریگەر نەبێت کە گشت ئەوانە بگوازێتەوە بۆ جەماوەر، چ جوتیاران، یان کەسانی ئەکادیمی و تایبەتمەندی بوارەکە بەشێوەیەکی سادە و دور لە ئاڵۆزی تا بە باشترین شێوە سودی لێ وەربگیرێت.

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەهۆی فراوانی بەکارهێنان و فرەیی بوارەکاندا، چیدی وەک تۆڕی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی دانانرێن، بەڵکو بوونەتە ئامرازێکی گرنگ و بەهێز لە گواستنەوەی زانیاریو پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان، لە گشت بوارەکاندا، بۆیە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشداریەکی کارا دەکەن لەگواستنەوەی زانیاریو هەواڵو ناوەرۆکی کشتوکاڵی، بە هۆیەوە هۆشیاری بۆ بەکارهێنەر دروست دەبێتو دەبێتە هۆی پێکهێنان و گەشەکردنی هۆشیاری پاشانیش بەدیهێنانی ئامانجی گەشەپێدان لە بوارەکەدا.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەری سەرەکی پێکدێت: لە تەوەری یەکەمدا میتۆدنامەی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو کە تییایدا باسی ڕێوشوێنە میتۆدیەکان کراوە، لە تەوەری دووەمدا تیۆرینامە خراوەتەڕوو کە تیایدا باسی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە کراوە، لە تەوەری سێیەمدا پراکتیکنامەی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو تیایدا ئاماژە دراوە بە ئەنجامەکان، پاشان دەرئەنجەماکان و راسپاردەکان و پێشنیازەکان و سەرچاوەکان خراوەتەروو .

## 2. میتۆدنامە:

### ١.2 کێشەی توێژینەوەکە:

بریتییە لە نارونی کاریگەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەسەر گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستاندا و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە سروشتی پەیوەندی نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کەرتی کشتوکاڵ لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانکارییە خێراکانی گەشەسەندنی تەکنەلۆژیای گەیاندن و ڕاگەیاندن، بۆیە توێژەران کێشەی توێژینەوەکە لەپرسیارێکی سەرەکیدا دەخەنەروو: (تاچەند تۆڕە کۆمەڵاییەتیەکان کاریگەری هەیە لە گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستاندا؟)، بێگومان ئەم پرسیارە سەرەکییەش خۆی لەچەند پرسیارێکی لاوەکیدا دەبینێتەوە:

1- ئاستی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لای مشتەی توێژینەوەکە چەندە؟

2- رادەی متمانەی مشتەی توێژینەوەکە بە بابەتە کشتوکاڵییە بڵاوکراوەکان لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا چەندە ؟

3- دیارترین ئەو بابەتە کشتوکاڵییانە کامانەن کە لەلایەن مشتەی توێژینەوەکەوە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا گرنگیان پێدەدرێت؟

4- تا چەند تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کارییگەریان هەیە لەسەر گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستاندا؟

### 2.2 ئامانجی توێژینەوەکە:

1 - زانینی ئاست و قەبارەی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لای مشتەی توێژینەوەکە.

2 - زانینی رادەی متمانەی مشتەی توێژینەوەکە بە بابەتە کشتوکاڵی یە بڵاوکراوەکان لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

3 - خستنەڕووی ئەو بابەتە کشتوکاڵییانەی کە گرنگی پێدەدرێت لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا.

4 - زانینی ئاستی کارلێکی مشتەی توێژینەوەکە بە بابەتە کشتوکاڵییەکان لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا.

5 - زانینی ئاستی کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستاندا.

### 2.3 گرنگی توێژینەوەکە:

**لە ڕووی زانستییەوە:** یارمەتی دامەزراوە میدیاییەکان دەدات تێبگەن چۆن بەشێوەیەکی کاریگەرتر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاربهێنن بۆ باشترکردنی ناوەڕۆکی میدیایی و دروستکردنی کاریگەری لەسەر بەکارهێنەران.

بە یەکێک لە توێژینەوە زانستییە نوێیەکان دادەنرێت کە پەیوەستە بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕاگەیاندنی کشتوکاڵی بە زمانی کوردی.

دەبێتە سەرچاوەیەکی بەسوود لە ڕوی میدیاییەوە بۆ خوێندکاران و توێژەرانی بواری ڕاگەیاندن لە داهاتوودا.

**له رووی پراکتیکییەوە:** گەیشتنە بە کۆمەڵێک داتا و زانیاریی نوێی پەیوەست بە بەکارهێنان و پشتبەستن بە تۆڕە کۆمەڵایەتیاکان لە کەرتی کشتوکاڵی.هەروەها دیاری کردنی ئاستی کاریگەری ڕاگەیاندنی کشتوکاڵی لەو بوارەدا.

**لەڕوی مرۆییەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە ڕوی مرۆییەوە گرنگی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە تیایدا مامۆستایانی کشتوکاڵ و ڕاگەیاندن وەرگیراوە وەک توێژێکی گرنگی کۆمەڵ، بە ڕێوشوێنی زانستی گەیشتووە بە هەندێک دەرەنجامی نوێ کە ڕەنگە کاریگەری لەسەر کەرتی کشتوکاڵ هەبێت لە داهاتوودا.

هاوکاریکردن لە بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی بۆ ڕێنماییکردنی جوتیاران و بڕیاردەرانی کشتوکاڵی تاکو کاریگەری ئەرێنی لەسەر بەرهەمهێنانی ناوخۆیی هەبێت بەتێچونێکی کەمتر.

## 2.4 توێژینەوەکانی پێشوو:

توێژەر دوای بەدواداچون بۆ کۆمەڵێک توێژینەوەی پەیوەست بە بابەتی توێژینەوەکە، کە تایبەتە بە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و کاریگەریەکانی لەسەر گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستاندا، بە ئامانجی بەرچاوڕونی زیاتر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە و ئاگاداربوون لە تەکنیک و هەنگاوەکانی توێژینەوە زانستییەکە، هەروەها ئەو ئامرازانەی بەکاردێن بۆ توێژینەوەکە و چۆنێتی دیزاین کردن و سودبینین لە ئامرازە بەکارهاتوەکان، هەروەها بۆ ئاشنابوون بە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکان پێیگەیشتون، لەگەڵ سوودوەرگرتن لە پێشنیاز و ڕاسپاردە و دەرخستنی پێگەی ئەم توێژینەوەیە و بەراورد کردنی بە توێژینەوەکانی پێشوو و ئەو خزمەتانەی کە پێشکەشی دەکات، بەشێک لەو توێژینەوانە بریتی بون لە:

1- توێژینەوەی (هێڤی عبداللە عزۆ، نادیە طلعت سعید)، (2025)، بە ناونیشانی (شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی توانستە جوگرافیەکان بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵی لە قەزای چۆمان بە بەکارهێنانی مۆدێلی AHP ).ئامانجی توێژینەوەکە ئاشنابوونە بە سروشتی شوێنی جوگرافی توانستە سروشتی و مرۆییەکان و لەگەڵیدا هەڵسەنگاندنی خاڵە ئەرێنی و نەرێنیەکانی هەر توانستێک، توێژینەوەکە پشتی بەستوە بە میتۆدی ئیستقرائی و بە بەکارهێنانی ئامرازە چەندێتیەکان، پشت بە بەکارهێنانی سیستمی زانیاری جوگرافیا بۆ دیاریکردنی گرفت و هەڵبژاردنی باشترین شوێنی پەرەپێدان بەستراوە. توێژینەوەکە گەیشتوە بە چەند دەرەنجامێک، لەوانە: کەمبونەوەی ڕوبەری زەوی چێنراو بە بەروبومەکان لە ناوچەی توێژینەوە لە نێوان ساڵی (2012 – 2023) لە ڕوبەری چێنراوی (7132) دۆنم کەمی کردوە بۆ (7020) دۆنم، ئەمەش نیشاندەرێکی باش نییە بۆ پرۆسەی پەرەپێدان.

2- توێژینەوەی (سنار ابراهیم خلیل) (2024)، بە ناونیشانی (الاشباعات المتحققة من استخدام الفلاحین لمواقع التواصل الاجتماعي)، ئامانجی توێژینەوەکە زانینی پاڵنەری جوتیارانە بۆ بەکارهێنانی فەیسبوک و یوتیوب، توێژینەوەیەکی وەسفی یە، لەسەر مشتەیەکی (300) کەسی لە جوتیارانی دوو گوند جێبەجێکراوە و بەشێوەی مەبەستدار. ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریش فۆرمی ڕاپرسییە . توێژینەوەکە گەیشتوە بە چەند دەرنجامێک لەوانە: جوتیاران تۆڕی کۆمەڵایەتی بەکاردێنن بۆ گەڕان بەدوای زانیاری و ئالوگۆڕکردن و بەشداریپێکردنی بیرۆکە لەگەڵ کەسانی دیکە و ئاڵوگۆڕکردنی وێنە و پارچەی ڤیدیۆیی وەک بەشێک لە پەیوەندی و بەهێزکردنی رایەڵە کۆمەڵایەتیەکان. بابەتە کۆمەڵایەتی و گەنجانە و وەرزشییەکان لە گرنگترین ئەو بابەتانەن کە جوتیاران لە تۆڕی کۆمەڵایەتی بایەخی پێدەدات.

3- توێژینەوەی (محمد حمود الجزار، عادل ابراهیم الحامولي، عبدالعلیم سید احمد الشافعي، سحر احمد ندا) بە ناونیشانی (استخدام العاملین الارشادیین لوسائل التواصل الاجتماعي فی العمل الارشادي ببعض المحافظات المصریة).ئامانجی توێژینەوەکە زانینی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانە لەلایەن کارمەندانی ڕێنمایی کشتوکاڵی لە هەندێک پارێزگای میسر، سێ پارێزگای هەڵبژاردوە کە بریتین لە (کفر الشیخ، الغربیة، البحیرة) و مشتەی توێژینەوەکەش لە (210) یەکە پێکهاتوە. توێژینەوەکە گەیشتوتە ئەو ئەنجامەی کە: زۆرینەی ڕێنماییکارانی کشتوکاڵی، تۆڕی کۆمەڵایەتی بەکاردێنن بەڵام ڕێژەیەکی کەم یان مامناوەند لە بواری ڕێنمایی کشتوکاڵی بەکاری دەهێنن. هەروەک پاڵنەری بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی لای مشتەی توێژینەوەکە: گەیشتنە بە زۆرترین ژمارەی ئەو کەسانەی پەیوەستن بە کاری ڕێنماییکاران و ئەگەری دوبارەکردنەوەی پەیامی کشتوکاڵییە بۆ جوتیاران، بەڵام ئەم کارە چەندین بەربەستی لەبەردەمدایە لەوانە: ناتوانرێت پێوانەی کاریگەری لەسەر کاری کشتوکاڵی بکرێت،

پارەی پێویست تەرخان ناکرێت بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری ڕێنمایی ئەلکترۆنی لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

**تاووتوێکردنی بە توێژینەوەکانی پێشوو:**

ئەم توێژینەوەیە بەوە جیا دەکرێتەوە لە توێژینەوەکانی پێشوو کە کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان دەخاتەڕوو وەک بەشێک لە میدیای نوێ.

ئەم توێژینەوەیە کەسانی ئەکادیمی (مامۆستایانی هەردوو پسپۆڕی ڕاگەیاندن و کشتوکاڵ)ی وەک مشتەی توێژینەوەکە وەرگرتوە، کە لە ڕوی زانستیەوە هۆشیارییەکی فراوانتریان هەیە بەبەراورد بە جوتیاران و ڕێنماییکارانی کشتوکاڵی.

ئەم توێژینەوەیە، کاری لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی کردوە و لەوەدا جیاوازە لە توێژینەوەی (هێڤی عەبدوڵا عزۆ و نادیە تەڵعەت سەعید: 2025) کە و کاریگەریەکانی دەرخستووە لەسەر گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەک سنوری شوێنی فراوانترە کە هەرێمی کوردستانە و لە ڕوی مرۆییشەوە مشتەیەکی لە دەستەبژێرانی ئەکادیمی وەرگرتوە.

بەوەش لە توێژینەوەی (سنار ئیبراهیم خلیل: 2024)، کە سنوری توێژینەوەکەی لە دوو گوند سنوردارکراوە بەپێچەوانەی ئەم توێژینەوەیە کە سنورێکی بەرفراوانی گرتۆتەوە، هەروەک ئەنجامەکانیشی لە ڕوی زانستییەوە فراوانترە بە بەراورد لەگەڵ توێژینەوەی پێشوو کە تەنیا بایەخی بە لایەنی کۆمەڵایەتی داوە، بەڵام توێژینەوەکە زیاتر بایەخ بە ڕێوشوێنی زانستی و پراکتیکی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان داوە بۆ پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ.

لەگەڵ توێژینەوەی (الجزار، الحامولی، الشافعی، ندا: 2021) بەوە جیا دەکرێتەوە مشتەی توێژینەوەکە لە دوو پسپۆڕی جیاوازی پەیوەست بە دوو گۆڕاوی توێژینەوەکە وەرگیراوە، مشتەی توێژینەوەکەشمان بەڕێگەی جیاواز هەڵبژاردوە کە گەمارۆدانی گشتگیرە، لە ئەنجامەکانیشدا ئاماژەی زانستی زیاتری سەبارەت بە بەکارهێنان و کاریگەری لەخۆگرتووە.

**سوودی توێژینەوەکانی پێشوو:** لەڕێی خوێندنەوەی توێژینەوەکانی پێشوو کە نزیک یان پەیوەستبوون بەم توێژینەوەیەوە، توێژەر توانی سوودیان لێببینێت بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە و دارشتنی پەیکەرەی توێژینەوەکە و کێشەی توێژینەوەکە بە جۆرێک کە ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە ڕونبکاتەوە.

**5.2 جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژنەوەیە لەجۆری توێژینەوە وەسفییەکانە و ڕێبازی ڕووپێوی تیادا بەکارهاتوە، جیاواز لە توێژینەوەکانی پێشوو، ئەم توێژینەوە کاری لەسەر دەستەبژێرکردوە بۆ گەیشتن بە ئامانج و وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکە.

**6.2 کۆمەڵگە ومشتەی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا، توێژەر مامۆستایانی کۆلێژی کشتوکاڵ و بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان لە هەر چوار زانکۆ گەورەکەی کوردستاندا ( هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە) بە شێوەی گەمارۆدانی گشتگیر (الحصر الشامل) وەرگرتوە کە ژمارەیان ٢٦٣ مامۆستایە.

**7.2 ئامرازی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی بەکارهاتووە بۆ گەیشتن بە وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکە، فۆرمەکە پێکهاتووە لە چوار تەوەر، (56) پرسیاری سەرەکی .

**8.2 راستی وجێگیری توێژینەوەکە:**

* **راستی توێژینەوەکە:** توێژەر کاری لەسەر ڕاستی ڕواڵەت کردوە بۆ ئامرازەکانی توێژینەوەکە، بەجۆرێک پاش گەڵاڵەکردنی فۆرمی ڕاپرسی ڕا بەشێوەی سەرەتایی، فۆرمەکە دراوەتە چەند پسپۆڕێک لەبواری ڕاگەیاندندا بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی وتۆمارکردنی تێبینیەکان، لەسەر ئەو بنەمایەی کە هاوکێشەی ڕاستی ڕواڵەت = برگە ڕاستەکان / کۆی برگەکان × ١٠٠ = ٩٤،٩١%، کەئەم ڕێژەیە ئاماژەیە بۆ بەرزی ڕاستی ئامرازەکانی توێژینەوەکە.

* **جێگیری توێژینەوەکە:** توێژەر بۆ جێگیری فۆرمی ڕاپرسی ڕا جێگیری ناوخۆیی بەکارهێناوە بۆ داتاکانی توێژینەوە بەبەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری ئەلفاکرونباخ بۆ برگەکانی فۆرمی ڕاپرسی کەلەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕونکراوەتەوە:

خشتەی (١)

جێگیری توێژینەوە

| ژمارەی بڕگەکان | پێوانەی جێگیری توێژینەوە |
|---|---|
| ٥٧ | ٠،٧٩٢ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (١) دەردەکەوێت کەجێگیری توێژینەوە بۆ پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرسی بریتیە لە (٠،٧٩٢)، کەئاماژەیە بۆ پلەی گونجاوی پێوانەی جێگیری داتاکانی توێژینەوەکە.

**9.2 سنوری توێژینەوەکە:**

- سنوری زانستی: لەڕوی زانستی سنوری ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە گۆڕاوەکانی کە لە خۆی گرتوە کە بریتییە لە ( تۆڕی کۆمەڵایەتی، کەرتی کشتوکاڵی).

- سنوری مرۆیی: سنوری مرۆیی ئەم توێژینەوەیە مامۆستایانی کۆلێژی کشتوکاڵ و بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان لە هەر چوار زانکۆ گەورەکەی کوردستاندا ( هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە)

- سنوری کات: کاتو ماوەی جێبەجێکردنی توێژینەوەکەیە لە هەرێمی کوردستان لە 2025/4/1 بۆ 5/ 2025/8.

- سنوری شوێن: ئەم توێژینەوەیە لە ڕوی شوێنەوە سنوری ناوەندی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و هەڵەبجە دەگرێتەوە.

**10.2 چەمکەکانی توێژینەوەکە:**

کاریگەری: ئەو گۆڕانکاریەیە کە دروست دەبێت لە ڕەفتاری تاکدا بە هۆی بەرکەوتنی بە ئامرازەکانی گەیاندن یان پەیامەکانی ئەو ئامرازانە.

تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان: سەرەتای سەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ دروستبونی سایتی (classmates.com) کە ساڵی 1995 دروست کرا بۆ بەستنەوەی پەیوەندی نێوان هاوڕێیانی خوێندنگە، پاشان بە دروستکردنی تۆڕی فەیسبوک ئەو سایتانە گەیشتنە ترۆپک، ئێستاش فەیسبوک و تویتەر لە بەربڵاوترین تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی جیهانن، توێژینەوەکە هەوڵدەدات بەشداری ئەم تۆڕانە دیاریبکات لە گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستاندا، تا چەند لەلایەن کەرتی کشتوکاڵی سوود لەم تۆڕانە وەرگیراوە؟

گەشەپێدان: بریتییە لە ڕەگەزێکی سەرەکی جێگیری و گەشەکردنی مرۆیی و کۆمەڵایەتی، بەشێوەیەکی هەمەلایەن یان بەش بەش، بە چەندین شێواز دەردەکەوێت بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی مرۆڤایەتی بەرەو خۆشگوزەرانی و ئۆقرەیی و گەشەکردنی بەردەوام بەجۆرێک کە لەگەڵ پێداویستی و توانا ئابوری و کۆمەڵایەتی و هزریەکان بگونجێت و بە ئامانج و ئامرازی مرۆڤیش دادەنرێت لە ژیاندا.

کەرتی کشتوکاڵ: بریتی یە لەو کەرتە گرنگەی کە گشت چالاکی و کارەکانی وەک بەرهەمهێنانی بەربومی خۆراک و بەرهەمە ئاژەڵیەکان و بەرهەمە کیمیاییەکانی تایبەت بە کشتوکاڵ کردن لەخۆدەگرێت.

هەرێمی کوردستان: ئەو قەوارە دەستورییەیە کە بەشێکە لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ و لە ماددەی 117 ی دەستوری عێراقدا دانی پیادانراوە کە لە ساڵی 2005 پەسەند کراوە (موقع مجلس النواب العراقی، 2025)

**3. تیۆرینامە:**

**3. 1 تۆڕی کۆمەڵایەتی:**

چەمکی تۆڕی کۆمەڵایەتی، چەمکێکە تا ئێستا وەک زۆرینەی چەمک و زاراوەکانی دیکەی سەر بەزانستە مرۆڤایەتیەکان، جێی مشتومڕ و گفتوگۆیە، بۆیە یەک پێناسەی دیاریکراو و جێگیری نیە لە فەرهەنگ و توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکاندا، لە گشت توێژینەوەکاندا بە چەندین ڕێگە و شێوازی جیاجیا کاری لەسەرکراوە و بۆچون و ئاراستەکان لەسەری جیاوازن، توێژەرێک بۆ توێژەرێکی دیکە جیاواز پێناسەی دەکات و لێی دەڕوانێت .

بەوە پێناسە دەکرێت: ئامرازی میدیای نوێن کە بەشداربون لەوەی دەرفەت بۆ تاک و کۆمەڵ و دامەزراوەکانی ناو کۆمەڵگە برەخسێنن بۆ دروستکردنی لاپەڕەی تایبەت و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی گریمانەیی لەپێناو پەیوەندیکردن

و گوزارشتکردن لە بۆچون و بیرۆکە و هەڵوێست و بەشداریکردن و بانگەشەکردن بۆیان لەگەڵ کەسانی تر، ئەوەش لەرێگەی دەقی نوسراو یان وێنە و ڤیدیۆ بە مەبەستی کاریگەری دروستکردن لەسەر زانین و رەفتاری جەماوەری ئامانجدار (حمدی و شتوان، 2021، ل 174 – 151).

فەرهەنگی (ODLIS) پێناسەی تۆڕی کۆمەڵایەتی بەوەدەکات کە خزمەتگوزاریەکە بەکارهێنەر دەتوانێت لەرێگەیەوە هەژمارێکی تایبەت دروست بکات و زانیاری و خولیاکانی تیا دابنێت و لەگەڵ کەسانی تر هاوبەشی بکات و پەیوەندی دروست بکات (حلمي، 2017، ل26).

بە سەرنجدان لە گشت ئەو پێناسانەی کە بۆ تۆڕی کۆمەڵایەتی کراوە، توێژەر پێیوایە: تۆڕی کۆمەڵایەتی، گشت ئەو ئەپڵیکەیشن و وێبسایت و پێگانە دەگرێتەوە کە لەدوای نەوەی دووەمی وێب (Web2.0) دروستبون، کە تیایدا بەکارهێنەران دەتوانن بە لەبەرچاوگرتنی رێسا و یاساکانی تۆڕەکە، هەژمار و لاپەرەی تایبەت بە خۆیان بکەنەوە و پەیوەندی لەگەڵ تاک، گروپ، کۆمپانیا و رێکخراودا بکەن، ناوەرۆکی خۆیان بە دەقی نوسراو، وێنە، ڤیدیۆ، دەنگ و ئیمۆجی، بڵاوبکەنەوە و هاوبەشی بکەن، بڵاوبونەوە و پەیوەندی لەم تۆڕانەدا هیچ بەربەستێکی جوگرافی و کاتی لەبەردەمدا نیە و جیاوازیەکانی زمان و رەنگ و نەژاد و رەگەز رێگر نیە لەوەی تاک بەشێوەیەکی فراوان چالاک بێت لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و کارلێک کردنی خێرا و فراوانیش تیایاندا یەکێکە لەو تایبەتمەندیانەی کە ئەم تۆڕانە هەیانە ، لەپاڵ هەمەجۆری بابەت و بڵاوکراوەکان بە جۆرێک کە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بونەتە تۆرێکی فرە بەکارهێنان و تایبەت نەماوە بە کایە و بابەت و دۆزێکی دیاریکرا، بۆیە دەبینین تاکەکان لە خەباتی سیاسی و دیموکراتیەوە تا دەگاتە چالاکی وەرزش و ئارایشت و .. هتد ئەم تۆڕانە بەکاردەهێنن.

**گرنگترین تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان:**

تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە هەموو ئاستە جۆراوجۆرەکان و لە سەرتاسەری وڵاتانی جیهان بەکارهێنەرانی روو لەزیادبوونە و دیارترینیان بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

**1- فەیسبووک:** فەیسبووک سەرەتا وەک وێبسایتێک بەناوی فەیس ماتچ (face match) لەلایەن مارک زوکەربێرگەوە لە ساڵی (2003) دامەزرا،زوکەربێرگ لەو سەردەمەدا خوێندکار بوو لە ساڵی دووەمی زانکۆی هارڤارد ی ئەمریکا. وێبسایتەکەی زوکەربێرگ، سەرەتا تایبەت بوو بە وێنە، سایتەکە وێنەی کۆمەڵێک کەسی بڵاودەکردەوە و بەشدارانی سایتەکەش سەرنجراکێشترین کەسیان هەڵدەبژارد، بەڵام دواتر زوکەربێرگ ژمارەیەکی زۆر گۆرانکاری بەسەر فەیس ماتچدا هێنا و گۆری بۆ سایتی فەیسبووک، بەو جۆرەش زۆر بە خێرایی بەناو خوێندکارانی زانکۆی هارڤارددا بڵاوبۆوە، لە قۆناغی دواتریشدا تەواوی زانکۆ و کۆلێژەکانی ئەمریکای گرتەوە، پاشان بوە وێبسایتێکی گشتی و هەموو کەسێک بۆی هەبوو هەژماری خۆی تیادا دروست بکات بەمەرجێک لەگەڵ رێساکانی وێبسایتەکەدا کۆک بێت، چونکە پێشتر تەنیا خوێندکار بۆی هەبوو بەکاری بهێنێت. ئەو گۆرانکاریە بوە هۆی ئەوەی کە فەیسبووک بەجۆرێکی سەرسورهێنەر گەشەبکات و ژمارەی بەکارهێنەرانی بگاتە (12) ملیۆن کەس لە مانگی (دیسەمبەر) ی ساڵی (2006)، پاشان لە کۆتایی ساڵی (2007) ژمارەی بەکارهێنەرانی گەیشتە (60) ملیۆن بەکارهێنەر (فرغلی، 2012، ل100).

**2- سایتی یوتیوب (YouTube):** سایتی یوتیوب بە یەکێک لە گرنگترین و بەناوبانگترین سایتەکان دادەنرێت لە بواری ئەپلۆد کردن و هاوبەشی کردنی ڤیدیۆ لەسەر ئاستی جیهان. ئەم سایتە لەلایەن سێ کارمەندی کۆمپانیای (pay pal)ی ئەمریکیەوە دروست کرا کە بریتین لە: چاد هێرلی، ستیڤ چن، جاوێد کەریم کۆپی ئەزمونگەری ئەم سایتە لە مانگی ئایار ی ساڵی (2005) خرایە بەردەست، و پاش شەش مانگ کۆپی رەسمی سایتەکە بە تەواوی بەردەستخرا بۆ بەکارهێنەران (خليل، 2024، ل307).

**3- ئینستاگرام (Instagram):** ئینستاگرام بە تۆڕێکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت کە تاکی بەکارهێنەری دەتوانێت تیایدا وێنە و ڤیدیۆی کورت بڵاو و ئاڵوگۆر بکات، ئەم پلاتفۆرمە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی (2010) لەسەر دەستی کیڤن سیسترۆم (Kiven Systrom) و مایک کرایگەر (Mike Kreger) دامەزرا کە دوو دەرچووی زانکۆی ستامفۆردی ئەمریکی بون. سەرەتا ئینستاگرام تەنیا لەسەر مۆبایلی (ئایفۆن) کاریدەکرد و تەنیا (80) بەکارهێنەری هەبوو، بەڵام پاش (10) رۆژ لە بەردەستبونی، ژمارەی بەکارهێنەرانی گەیشتە (10) هەزار کەس. گەشەکردنەکانی ئینستاگرام

بەجۆرێک کاریگەری هەبوو کە بەهای ئینستاگرام لە ساڵی (2012) گەیشتە (500) ملیۆن دۆلار و دواجاریش کۆمپانیای میتا (فەیسبووک) توانی ئینستاگرام بکڕێتەوە بە یەک ملیار دۆلار (شاوی.ل2022،341)، لە ساڵی (2025) ئامارەکانی ئینستاگرام گەشەی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە و لە چارەکی یەکەمی ئەو ساڵەدا بەم جۆرە بوە(kumar,2025):

- 2 ملیۆن بەکارهێنەری چالاکی مانگانەی هەیە (MAU)
- هندستان زۆرترین بەکارهێنەری هەیە لەسەر ئاستی جیهان بە (385.4) ملیۆن بەکارهێنەر
- لەسەدا 49.4 ی بەکارهێنەرانی ئینستاگرام لە سەرتاسەری جیهان لە رەگەزی مێینەن و لەسەدا (50.6)ی بەکارهێنەرانیش لە رەگەزی نێرن، بەڵام لە ئەمریکا پێچەوانەیە و لەسەدا (55.4)ی بەکارهێنەران لە رەمەزی مێینەن.
- زۆرینەی بەکارهێنەرانی ئینستاگرام لە سەرتاسەری جیهان تەمەنیان لە نێوان (18 بۆ 34) ساڵدایە.

**4- وەتس ئەپ (WhatsApp):** لە مانگی کانونی یەکەمی ساڵی (2009) لەلایەن برایان ئەکتۆن (Brian Acton) و جان کۆم (Jan Com) دامەزرا کە هەردوکیان لە پرۆگرامسازە دێرینەکانی کۆمپانیای یاهوو بون، بارەگای سەرەکی وەتس ئەپ لە سانتا کلارای کالیفۆرنیای ئەمریکایە (عبد الفتاح کامل،2015، ل130). ئامانجی دیزاین کردنی ئەم ئەپڵیکەیشنە، فەراهەم کردنی گۆڕینەوەی نامەبوو لە نێوان ئامێرە زیرەکەکان بەبێ ئەوەی خەرجی بدرێت لە بەرامبەر ئەو خزمەتگوزارییە، ناونانی ئەپڵیکەیشنەکەش بەو ناوەوە دەگەڕێتەوە بۆ دەستەواژە بەناوبانگەکەی ئەمریکا (what's up) کە وەک سڵاو کردن و بە واتای (بارودۆخت چۆنە) بەکاردێت. ئەم بەرنامەیە بە تەنیا لەسەر ئەو ئامێرانە کاردەکات کە پەیوەستن بە خزمەتگوزاری ئینتەرنێتەوە و رۆژانە ملیارەها نامە لەرێگەیەوە ئاڵوگۆڕدەکرێت (الزمل، 2015، ل97).

**تایبەتمەندییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:**

تۆڕی کۆمەڵایەتی چەندین تایبەتمەندی گرنگی هەیە کەبۆتە جێی گرنگیپێدانی بەکارهێنەران، لە گرنگترینیان:

١- جیهانیبون: تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، بەربەستەکانی پەیوەست بە کات و شوێنیان تێپەڕاندوەو بەبێ هیچ کۆت و پێوەندێک مرۆڤ دەتوانێت لە هەرشوێنێکی جیهان بێت و لە هەر کاتێکدا بێت، پەیوەندی لەگەڵ کەسێکی تر بکات. ( غسان و المقدادي، 2011، ل52).

٢- کارلێککردن: لەسایەی ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی تۆڕی کۆمەڵایەتی لە پرۆسەی گەیاندندا دروستیکردووە، کارلێکی فراوانتر و خێراتر بوە بە جۆرێک کە پێگەی نێرەر و وەرگر لە پرۆسەی گەیاندندا گۆڕانکاری بەسەرهاتووە، بە هۆی ئەو گۆڕانکاریەوە، نێرەر لە پرۆسە نوێکەدا وەک (بەشدار) ناوی دەبرێت و کارلێکی وەرگریش دووئاراستەیە و جێگۆرکێ دەکات واتە وەرگر لە زۆر بارودۆخدا دەبێتە نێرەر.

٣- پەرتبونی پەیام: واتە فرەیی لە پەیامەکانی گەیاندندا بەجۆرێک پەیامەکە دابڕێژرێت کە گونجاو بێت بۆ تاک و گروپە بچوکەکان لەبری یەک پەیام بۆ جەماوەرێکی فراوان، بەمانایەکی دیکە واتە ئاستی جڵەوکردنی سیستمی گەیاندن بەجۆرێک بێت کە پەیامەکە ڕاستەوخۆ لە نێرەر یان بەرهەمهێنی پەیامەکە بۆ بەکاربەر یان وەرگر ( نریمان نومار، 2013، 2012).

4- بەشداری: تۆڕەکان بە گشتی رێگەدەدەن کە پۆست بڵاوبکرێتەوە و کۆمێنت و لایکیان بۆ بکرێت، بەکارهێنەر دەتوانێت کاردانەوەی ئەوانی دیکە ببینێت و راستەوخۆ وەڵامیان بداتەوە(Cachia,2008, p.97).

5- ئاسانی بەکارهێنان: بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تێچوویەکی کەمی هەیە بە بەراورد بە خزمەتگوزارییەکانی پێشکەشی دەکات، بەکارهێنەر دەتوانن بە تێچوویەکی کەم بۆ دورترین شوێن، خزمەتگوزاریەکانی بەدەست بهێنن تەنیا پێویستە بەکارهێنەر پەیوەست بێت بە ئینتەرنێت و ئامێرێکی هەبێت وەک کۆمپیوتەر، مۆبایلی زیرەک، تابلێت. (حبيبه، سميه، 2022، ل11)

6- هەمەجۆری: واتە هەمەجۆری لە ناوەڕۆکی بڵاوکراوەی سەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، بەوەش بەکارهێنەر دەتوانێت بە خواستی خۆی ئەو ناوەڕۆکە دیاری بکات کە دەیەوێت بایەخی پێبدات(کامل، 2003، ل138).

7- بڵاوبونەوە: واتە بڵاوبونەوەی بەرنامەڕێژکراوی سیستمی ئامرازەکانی گەیاندن لە جیهاندا، لەناو هەر چینێک لە چینەکانی کۆمەڵیش، تا ژمارەی ئامێرە بەکارهێنراوەکان زیاتر بێت، هێندەش بەهای سیستمەکە زیاددەکات لای گشت

لایەنە پەیوەندیدارەکان، تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، لە گەورەترین تۆڕ و پێگەکان و فراوانترینیانە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت لەڕوی بڵاوبونەوە و بەردەوامیەوە، جگە لەوەی خاسیەتی پەیوەندی لە نێوان تاک و گروپە بەکارهێنەرەکانی دەرەخسێنێت، وا دەکات کە بیروڕا و بۆچون و بیرۆکە و فایل و وێنە و ڤیدیۆ ئاڵوگۆڕ بکەن(العجلة، 2011، ل55).

**جۆرەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی:**

بە گشتی ئەم پۆلێنبەندییەی خوارەوە بەبۆچونی توێژەر، لە هەموو پۆلێنەکانی دیکە، بۆ جۆرەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی باشترە:

1- تۆڕەکانی پەیوەندیکردن: ئەو تۆڕانەن کە خزمەتگوزاری هەمەجۆر پێشکەش دەکەن و بە پلەی یەکەم بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی دامەزراون، ئەگەرچی دواتر ئەرک و خزمەتگوزاری دیکەش لەخۆدەگرن، لە گرنگترین ئەو تۆڕانەش: تۆڕی کۆمەلایەتی فەیسبووک (نعیمە، 2018، ل2064).

2- تۆڕەکانی فۆتۆ: ئەو تۆڕانەن کە لەسەرەتادا بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی وێنە بە تەنیا لەگەڵ نوسینێکی کورت دروست کراوە، بەڵام بەتێپەڕینی کات، ڤیدیۆ و خزمەتگوزاری دیکەشیان بۆ زیاد بوە، لە گرنگترین ئەو تۆڕانەش: ئینستاگرام. (عبدالمنعم، 2015، ل101)

3- تۆڕەکانی ڤیدیۆ: ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتیانەن کە تایبەتن بە بڵاوکردنەوەی پارچە ڤیدیۆی تۆمارکراو یان ڕاستەوخۆ، کە ئێستا خزمەتگوزاری دروست کردنی چەناڵی تایبەت بە خۆت و بەدەستهێنانی داهاتیشی بۆ زیاد بوە، لە گرنگترینیان: تۆڕی یوتیوب (الجزار و آخرین، 2021، ل454)

4- تۆڕەکانی دەنگ: ئەگەرچی زۆرێک لە توێژەران لە سەرەتای هەزارەی دوەم پێیانوابوو ئەم جۆرە تۆڕانە کۆتایی هاتون، بەڵام لە چەند ساڵی ڕابردوو، بەجۆرێکی خێرا گەشەیان کردەوە. ئەم تۆڕانە سەرەتا تایبەت بون تەنیا بە دەنگ، لە وێبسایت و پێگەی تایبەت بڵاودەکرانەوە، بەشداران لە کەناڵەکەدا تۆمار دەبن و فایلەکان ڕاستەوخۆ بە هۆی بەستنەوە بە ئینتەرنێتەوە وەردەگیران، بەڵام لەم ساڵانەدا خزمەتگوزاری ڤیدیۆشیان بۆ زیاد بوە، بە گشتیش سەبارەت بە بوارێکی دیاریکراوە و لەلایەن دامەزراوەی ڕاگەیاندن یان تاکە کەسەکانەوە بەرهەم دەهێنرێن، لە دیارترین تۆڕی دەنگیش: پۆدکاست (باکیر، 2025، ل 1986)

5- تۆڕەکانی بلۆگەرز: ئەو تۆڕانەن کە تەنیا تایبەتن بە بڵاوکردنەوەی تێکست، پێش پەرەسەندن و گەشەکردنی وێبسایتەکان، بلۆگەکان ڕۆڵی گەورەیان دەبینی بە تایبەت لە بڵاوکردنەوەی بۆچون و بیرۆکەکان، بەشێکی زۆر لە نوسران و ڕۆژنامەنوسان بەکاریان دەهێنا، بەڵام لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و کوردستانیش بە تایبەت، کەمترین بەکارهێنەری ئەم تۆڕانە هەبوە و ئێستاش هەیە، لە دیارترینیان: بلۆگ (العصیمي، 2023، ل175).

6- تۆڕەکانی چات: ئەو تۆڕانەن کە لەسەرەتاوە بۆ قسەکردن و چات کردنی نێوان بەکارهێنەران دروست بوو، خزمەتگوزاری کەمیان هەبوو کە زۆرتر بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی و هاوڕێیەتی بەکارهاتن، کە دوو جۆری سەرەکی بون:

- تۆڕەکانی چات (تێکست)
- تۆڕەکانی چات (دەنگ و تێکست)

## 2.3 گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ

گەشەپێدان:

لە ڕوی زمانەوانیەوە، چەمکی گەشەپێدان، لە زمانی عەرەبیدا (التنمية) بەکاردێت، هاوتای ووشەی (Development)ە لە زمانی ئینگلیزیدا کە بە واتای پێشخستن و گەشەپێدان دێت لە زۆرینەی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکاندا، کە زۆرێک لە توێژەران پێیان وایە بۆ یەکەمین جار لەلایەن (یوجین ستیلی) بەکارهاتوە کاتێک پلانێکی پێشنیازکرد بۆ گەشەپێدان و گەشەپێدانی جیهان لە ساڵی (1889)، بەمەبەستی چارەسەرکردنی بارودۆخی سیاسی لەو ماوەیەدا. (حمدوش،2001). دواتر و لە ساڵی (1954) لە کۆنگرەی (Ashridge) بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە بەریتانیا لە ڕێگەی چەمکی (community development) کەوتەوە بەرباس بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەی بەڕێوەبردن لە کۆلۆنیالەکانی بەریتانیادا، واتە گەیشتن بە باشترین ڕێگەی حوکمکردنی ئەو شوێنە داگیرکراوانە و بەکارهێنانی ئەو ناوچانە بەشێوەیەکی باشتر (علی، 2005، ل80).

ئەم چەمکە پێناسە کراوە بەوەی: شێوەی ئاڵۆزی ڕێوشوێن و پرۆسە یەک لەسەر یەک و بەردەوامەکانە کە مرۆڤ ئەنجامیدەدات بۆ جڵەوکردنی ناوەڕۆک و ئاراستە و خێرایی گۆڕانی کەلتوری و شارستانی لە کۆمەڵگەیەکدا بۆ تێرکردنی پێداویستیەکانی. چالاکیەکی پلان بۆ دانراوە ئامانجی بەدیهێنانی گۆڕانکارییە لە تاک و کۆمەڵ و ڕێکخستنی زانیاری و ئەزمونەکانە بۆ شێوازی کارکردن کە وادەکات تاکەکان شیاوبن بۆ ئەوەی کارەکانیان بە توانایەکی زیاتر و ئاستێکی بەرهەمهێنانی بەرزتر بکەن. (القريشی، 2017، ل16 – 17)

توێژەر لای خۆیەوە ئەم پێناسەیە دەخاتەڕوو: پرۆسەی گەشەپێدان هەموو ئەو هەوڵ و کۆششانە دەگرێتەوە کە بە ئامانجی گۆڕانکاری ئەرێنی لە بوارەکانی ژیان دەدرێت بە مەبەستی باشتر کردنی باری ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ژینگەیی.. هتد، بەمەبەستی گەشەپێدانی جۆری و چەندێتی کە سەرجەم بوارەکانی ژیان بگرێتەوە و تەواوی سەرچاوەکانی بۆ تەرخان بکرێت و تاک و دامەزراوەکان بەشداری تیادابکەن و لە ئەنجامدا ببێتە هۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵ و تێرکردنی پێداویستیەکانیان و بەدیهێنانی خواستەکانیان لە گەشەپێدانی کۆمەڵ و بەدیهێنانی ژیانێکی باشتر و خۆشگوزەرانتر بۆ مرۆڤ.

**پایەکانی گەشەپێدان:**

گەشەپێدان وەک پرۆسە پشت بە سێ پایەی سەرەکی دەبەستێت، کە بریتین لە: (الجزيره، 2023)

یەکەم: پایەی مرۆیی: بریتی یە لە فەراهەم بونی گشت تواناکانی پەیوەست بە مرۆڤ، لە خاوەن تواناکان و ئەو کەسانەی بە ئاستێکی بەرز بەشداریدەکەن لە بنیاتنان و پێشخستنی کۆمەڵگە، وەک: زانایان، توێژەران، بیرمەندان، ڕۆشنبیران، فەرمانبەرانی بەرهەمدار، کەسانی بەهرەمەند، لێهاتوەکان، دایبابی نمونەیی کە بەهاکانی خۆشەویستی نیشتمان و بەشداری لە بنیاتنانی وڵات لە پەروەردەی نەوەکانیاندا دەچێنن.. هتد.

دووەم: پایەی مادیی: واتە فەراهەمبونی هەموو ئەو پێداویستیانەی کە گرنگە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی گەشەپێدان، لە سەرچاوە گرنگ و هەمەجۆرەکانی وڵات کە لە زەوی دەردەهێنرێت بەمەبەستی سودگەیاندن بە تاک و کۆمەڵگە، وەک: نەوت، گاز، پیشەسازی سوک و قورس، کانزاکان، چاندنی ڕوەکی بەردار، کشتوکاڵ، بەرهەمهێنانی مەعریفە، دامەزراوە بچوک و گەورە و مامناوەندەکان.. هتد.

سێیەم: پایەکانی بەها (مەعنەوی): ئەو ڕەگەزانەی گەشەپێدانن کە بەرجەستە نین بەڵام گرنگن بۆ پرۆسەی گەشەپێدان و کاریگەری گەورەیان لەسەر ئاست و توانای تاک و کۆمەڵ هەیە، لەوانە: دڵسۆزی، خۆشەویستی بۆ نیشتمان، کارامەیی، دەسپاکی لە کارکردن، خۆتەرخانکردن.

**کشتوکاڵ:**

چەمکی کشتوکاڵ لە ئینگلیزیدا لە دوو وشەی لێکدراو هاتوە کە بریتین لە (AGRI) بە واتای کێڵگە یان خاک و (CULTURE) بە واتای چاودێری یان بەخێوکردن، بەوەش وشە لێکدراوەکە بە واتای (بایەخدان و چاودێری بە کێڵگە یان خاک دێت). (الزعبی، 2006، ل7373) هەروەک چەمکی (cultivation)یش بەهەمان شێوە لە ئینگلیزیدا بۆ کشتوکاڵ و چاندن بەکاردێت

ڕێکخراوی فاو (ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانە بۆ خۆراک و کشتوکاڵ) (FAO)، بەوە پێناسەی کردوە: ئەو چالاکیانەیە کە خۆراک و بەرهەمی دیکە لەڕێگەی بەرهەمی کشتوکاڵی و پرۆسە هاوشێوەکانەوە بە بەرهەم دێنێت وەک : گۆڕین، دابەشکردن، بازارگەری، ریسایکلین..هتد) کە لەسەر زەوی ئەنجام دەدرێن وەک شار و ناوچەکانی دەوروبەری، بە هەموو شێوەکانی ئایکۆلۆجی و نوێ و کۆن و بەشێکە لە پاراستنی ئاسایشی خۆراک. ( F.A.O,2025 ) هەروەها فەرهەنگی کامبریدج لەم بارەیەوە پێناسەیەکی خستۆتە ڕوو بەوەی: کشتوکاڵ، کار و زانست و هونەرە و بەشێکە لە ئابوری وڵاتەکان و ئاسایشی خۆراک، بریتیە لە چاندنی خاک و بەرهەمهێنانی ڕوەکی و بەخێوکردنی ئاژەڵ و بە بازاڕکردنیان. (Cambridge,2025)

**توێژەر لە کۆی ئەو پێناسانە، پێی وایە:** کشتوکاڵ لە یەک کاتدا کار و پیشە و زانست و هونەرە، بۆ بەرهەمهێنانی بەروبومی کشتوکاڵی و ئاژەڵی و بەڕێوەبردنی کێڵگە و دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆراک و بەهێزکردن و هەمەجۆرکردنی ئابوری وڵات، لەپاڵ هەموو ئەو کارانەی دیکەی پەیوەستە بە بە بازارگەری بۆ بەروبومە کشتوکاڵیەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە.

### گرنگی کەرتی کشتوکاڵ:

بەهۆی ئەوەی کشتوکاڵ پەیوەندیەکی پتەوی بە ژیان و ئاسایشی مرۆڤەوە هەیە، گرنگیەکی زۆری هەیە لە ژیانی مرۆڤدا و بە گشتی گرنگیەکانی بریتین لە:

١- کەرتی کشتوکاڵ، بە چالاکی بنەڕەتی دادەنرێت بۆ بەرهەمهێنانی کالای خۆراکی پێویست وەک گەنم و دانەوێڵە و گۆشت، بۆیە بە سەرچاوەی سەرەکی دادەنرێت لە دابین کردنی خۆراک لە جیهاندا (عبدالحلیم،2004، ل36) .

٢- کەرتی کشتوکاڵ، کەرتێکە لە زۆرینەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو ڕێژەیەکی زۆری هێزی کار پێک دەهێنن، دەستی کاری ئەم کەرتە، زیاتر لە (40%)ی کۆی ئابوری نەتەوەیی پێکدەهێنن، ئەمەش بوارێکی بەکارخستنە بۆ توێژێکی زۆری هێزی کار بە تایبەت لەو وڵاتانەی چڕی دانیشتوان تیایدا بەرزە. (رمضان و زکی، 2001، ل31)

٣- سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ هەمەجۆر کردنی سەرچاوەی دارایی وڵات، بە تایبەت لەدوای داهاتنی چەمکی نوێ لەم بوارەدا وەک: گەشتیاری کشتوکاڵی.

٤- کەرتی کشتوکاڵ، بەشدارە لە بواری کەڵەکەبونی سەرمایە، ئەویش کاتێک داهاتی زیادەی لێدەستدەکەوێت و دەگوزارێتەوە بۆ وەبەرهێنانی دیکە، بە تایبەت لە کەرتی پیشەسازی. (نعمەالله، هەمان 2001، ل31)

5 - ڕۆڵی گرنگی هەیە لە کەمکردنەوەی ڕێژەی پیسبونی هەوا و پاککردنەوەی هەوا، زیادکردنی بڕی گازی ئۆکسجین لە هەوا، پارێزگاری کردن لە ڕێژەی شێ و ئاراستەی باو کەمکردنەوەی ژاوەژاوو و کەمکردنەوەی کاربۆن لە ژینگەدا.(مظهر، 2015)

### 3.3 تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ:

لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، چەندین بەربەست لەبەردەم جوتیاران و کەرتی کشتوکاڵدایە بۆ سودوەرگرتن لە پێشکەوتنەکانی بواری کشتوکاڵ، ئەم بەربەستانە تا دوو دەیە لەمەوبەر، ئاستەنگی گەورە بوون لەبەردەم گەشەکردنی کەرتی کشتوکاڵ لەو وڵاتانەدا بە تایبەت لەڕووی گەیشتن بە سەرچاوەی زانیاری و بازاڕ و خزمەتگوزارییە داراییەکان، بەڵام بە هۆی پیشکەوتنەکانی بواری تەکنەلۆژیای گەیاندن، تا دێت ئەم ئاستەنگانە کەمتر دەبنەوە، لەگەڵ زیاتر بڵاوبونەوەی مۆبایل و ئامێرەکانی دیکەی پەیوەندی و ئینتەرنێت، تەنانەت لە دورەدەستترین و هەژارترین ناوچەکانی جیهان، تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندی بڵاوبۆوە و کۆدەنگیەکیش لەسەر ئاستی جیهان دروست بوە بەوەی کە ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوان تاک و کۆمەڵگەکاندا بە پشت بەستن بە تەکنەلۆژیای نوێی زانیاری و پەیوەندی، ڕۆڵی گرنگی هەبوە لە بەدیهێنانی گەشەپێدانی بەردەوامی کشتوکاڵ و ئاسایشی خۆراکدا ( The World Bank, 2017)

بەپێی ئامارەکان لە کۆی (8.20) ملیار کەسی دانیشتوانی سەر گۆی زەوی، (5.78) ملیار کەس، مۆبایل بەکاردەهێنێت کە دەکاتە ڕێژەی لەسەدا (70.5)ی کۆی دانیشتوانی سەر گۆی زەوی، هەروەها بەکارهێنانی تۆڕی ئینتەرنێت لەسەر گۆی زەوی لە ساڵی (2000) دا تەنیا لەسەدا (6) بوە بەڵام لە ساڵی (2025) دا ئەو ڕێژەیە گەیشتۆتە (5.56) ملیار کەس کە دەکاتە (67,9)ی کۆی دانیشتوانی زەوی، هەروەها ڕێژەی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی لە سەرتاسەری جیهان، گەیشتۆتە (5.24) ملیار کەس کە دەکاتە ڕێژەی (63,9)ی دانیشتوانی جیهان. ( We Are Social LTD, 2025)

پاساو و هۆکاری زۆر هەن بۆ بەکارهێنانی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی لە بواری کشتوکاڵ، بە تایبەت بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و بواری ڕێنمایی کشتوکاڵی لەلایەن پسپۆڕانی بوارەکەوە، لە گرنگترینیان: کەموکوڕی لە بەهرە و توانا و مەشقی ئەو کەسانەی کە لە بواری ڕێنمایی کشتوکاڵیدا کاردەکەن، لاوازی پەیوەندی و رایەڵەی نێوان ڕێنماییکاران و جوتیاران، ئەو کەلێنە گەورەیەی کە لاوازی ڕێنمایی کلاسیکی دروستی کردوە بە هۆی کەمی ژمارەی ڕێنماییکاران بە بەراورد بە ژمارەی جوتیاران و فراوانی ڕوبەری زەوی و ناوچە کشتوکاڵیەکان، کەمی پشتیوانی دارایی بۆ بواری ڕێنمایی، کەمکردنەوەی بەردەوامی خزمەتگوزارییەکانی ڕێنمایی کشتوکاڵی لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوو لەلایەن دەزگا فەرمی و پەیوەندیدارەکانی کشتوکاڵ ، بۆیە ئەمەش فشارێکی زۆری لەسەر بەش و کارمەندانی ڕێنمایی کشتوکاڵی دروستکردوە کە لەبەر پێویستی و بە ناچاری دەستیان کردوە بە گۆڕینی شێوەی ڕینمایی کشتوکاڵ، لە شێوازی کلاسیکی و نەریتی بۆ بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی بەمەبەستی پێشکەشکردنی ڕێنمایی کشتوکاڵی،

هەروەها لە شێوازی ڕووبەڕو بۆ بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەو بوارەدا. ( Bhattacharjee and Saravanan. 2016)

### 4. پراکتیکنامە: تۆڕە کۆمەلایەتییەکان و کاریگەریەکانی لەسەر گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ

لەم باسەدا توێژەر ئەنجام و شیکاری ئەو زانیاریانە دەخاتە ڕوو کە لە دوای دابەشکردنی فۆرمی راپرسی بەسەر بەشداربوانی توێژینەوەکە بەدەتی هێناون، بەم شێوەیەی لای خوارەوە

### 1: زانیارییە دیموگرافیەکان:

خشتەی (٢)

تایبەتمەندیە دیموگرافیەکانی مشتەی توێژینەوەکە

| تایبەتمەندی دیموگرافی | بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | مێ | ١٠٣ | %٣٩،٢ | ٢ |
| | نێر | ١٦٠ | %٦٠،٨ | ١ |
| | کۆی گشتی | ٢٦٣ | %١٠٠ | |
| تەمەن | ٢٥ بۆ ٣٤ ساڵ | ٢٢ | %٨،٤ | ٤ |
| | ٣٥ بۆ ٤٤ ساڵ | ١٢٨ | %٤٨،٦ | ١ |
| | ٤٥ بۆ ٥٤ ساڵ | ٨٢ | %٣١،٢ | ٢ |
| | ٥٥ ساڵ و زیاتر | ٣١ | %١١،٨ | ٣ |
| | کۆی گشتی | ٢٦٣ | %١٠٠ | |
| بڕوانامە | ماستەر | ١١٠ | %٤١،٨ | ٢ |
| | دکتۆرا | ١٥٣ | %٥٨،٢ | ١ |
| | کۆی گشتی | ٢٦٣ | %١٠٠ | |
| نازناوی زانستی | مامۆستای یاریدەدەر | ٦٥ | %٢٤،٧ | ٣ |
| | مامۆستا | ٦٧ | %٢٥،٥ | ٢ |
| | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ١٠١ | %٣٨،٤ | ١ |
| | پرۆفیسۆر | ٣٠ | %١١،٤ | ٤ |
| | کۆی گشتی | ٢٦٣ | %١٠٠ | |
| ساڵانی خزمەت | کەمتر لە ١٠ ساڵ | ٣٢ | %١٢،٢ | ٣ |
| | ١٠ بۆ ١٩ ساڵ | ١٢٤ | %٤٧،١ | ١ |
| | ٢٠ بۆ ٢٩ ساڵ | ٨٥ | %٣٢،٣ | ٢ |
| | ٣٠ ساڵ و زیاتر | ٢٢ | %٨،٤ | ٤ |
| | کۆی گشتی | ٢٦٣ | %١٠٠ | |
| پسپۆری | ڕاگەیاندن | ٥٣ | %٢٠،٢ | ٢ |
| | کشتوکاڵ | ٢١٠ | %٧٩،٨ | ١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | کۆی گشتی | ٢٦٣ | %١٠٠ | |
| زانکۆ | هەڵەبجە | ٥ | %١،٩ | ٤ |
| | دهۆک | ٩٦ | %٣٦،٥ | ١ |
| | سەلاحەدین | ٩١ | %٣٤،٦ | ٢ |
| | سلێمانی | ٧١ | %٢٧ | ٣ |
| | کۆی گشتی | ٢٦٣ | %١٠٠ | |
| باری کۆمەلایەتی | سەڵت | ٤٢ | %١٦ | ٢ |
| | خێزاندار | ٢٢١ | %٨٤ | ١ |
| | کۆی گشتی | ٢٦٣ | %١٠٠ | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٢) دەردەکەوێت کەتایبەتمەندی دیموگرافی مشتەی توێژینەوەکە لەرەگەزدا (نێر) و لەتەمەندا (٣٥ بۆ ٤٤ ساڵ) و لەبروانامەدا (دکتۆرا) و لەنازناوی زانستیدا (پرۆفیسۆری یاریدەدەر) و لەساڵانی خزمەتدا (١٠ بۆ ١٩ ساڵ) و لەپسپۆریدا (کشتوکاڵ) و لەزانکۆدا (دهۆک) و لەباری کۆمەلایەتیدا (خێزاندار) بە پلەی یەکەم دێت، لەنێو برگەکانی تری تایبەتمەندییە دیمۆگراگییەکان، ئەمەش رەنگدانەوەی راستەقینەی وەڵامی (گوگڵ فۆرم) ئامرازی توێژینەوەکە دەردەخات لەسەر مشتەی توێژینەوەکە، بۆ ئەم توێژینەوەیە گرنگی لە تایبەتمەندیی دیموگرافی وەردەگیرێت بۆ دەرخستنی جیاوازی لە نێوان گروپە جیاوازەکان لە بەکارهێنان و کارلێککردن و کاریگەری.

## 2: پشت بەستن بە تۆڕە کۆمەلایەتییەکان

### 1- ئاستی پشتبەستن بە تۆڕە کۆمەلایەتییەکان:

خشتەی (٣):پلەی پشت بەستنی مشتەی توێژینەوەکە بە تۆڕە کۆمەلایەتییەکان

| برگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| نزم | ٣٧ | %١٤،١ | ٣ |
| مامناوەند | ١٧٤ | %٦٦،٢ | ١ |
| بەرز | ٥٢ | %١٩،٧ | ٢ |
| کۆی گشتی | ٢٦٣ | %١٠٠ | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٣) دەردەکەوێت کە زۆرینەی مشتەی توێژینەوەکە زیاتر بە پلەی مامناوەند پشت بە تۆڕە کۆمەلایەتییەکان دەبەستن، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە تۆڕە کۆمەلایەتییەکان وەک ئامرازێکی میدیایی نوێ لەلایەن مشتەی توێژینەوەکەوە پشتی دەبەستێت بەمەبەستی داواکاری و داخوازییە جۆراوجۆرەکانیان و بۆتە سەرچاوەیەگکی گرنگ بۆ وەرگرتنی زانیاری و زۆرترین بەکارهێنانی هەیە.

### 2- جۆری تۆڕە کۆمەلایەتییە بەکارهاتوەکان

خشتەی (٤):دیارترین ئەو تۆڕە کەمەلایەتییانەی کەمشتەی توێژینەوەکە زیاتر پشتی پێدەبەستن

| برگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| فەیسبوک | ١٦٠ | %٦٠،٨ | ١ |
| ئینستاگرام | ٤٣ | %١٦،٤ | ٢ |
| یوتیوب | ٢٩ | %١١ | ٣ |
| ئێکس | ١٣ | %٤،٩ | ٥ |
| لینکدئین | ١٨ | %٦،٩ | ٤ |
| کۆی گشتی | ٢٦٣ | %١٠٠ | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٤) دەردەکەوێت کە دیارترین ئەو تۆڕە کەمەڵایەتییانەی کەمشتەی توێژینەوەکە زیاتر پشتی پێدەبەستن تۆڕی فەیسبووکە، ئەمەش رەنگدانەوەی دروستی زۆرترین ئامارەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە لەسەر ئاستی جیهانی و هەرێمی و ناوخۆیی، بەوپێیەی فەیسبوک لەسەر ئاستی جیهانیش زۆرترین بەکارهێنەری هەیە و سوود و کاریگەری فراوانی لای گشت چین و توێژینەوەکان و لە گشت کایە و بوارەکاندا دروستکردوە.

## 3- کاتژمێری بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

خشتەی (٥):کاتژمێری رۆژانەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن مشتەی توێژینەوەکە

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| کەمتر لە ١ کاتژمێر | ٣٢ | ١٢،٢ | ٣ |
| ٢ بۆ ٣ کاتژمێر | ١٦١ | ٦١،٢ | ١ |
| ٤ بۆ ٥ کاتژمێر | ٥٧ | ٢١،٧ | ٢ |
| ٦ کاتژمێر و زیاتر | ١٣ | ٤،٩ | ٤ |
| کۆی گشتی | ٢٦٣ | ١٠٠ | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٥) دەردەکەوێت کە زۆرینەی مشتەی توێژینەوەکە رۆژانە (٢ بۆ ٣ کاتژمێر) تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن، ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنییە بۆ سروشتی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن مشتەی توێژینەوەکە کە کاتێکی زۆر تەرخاندەکەن بۆ سەیرکردن و خوێندنەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سەرەنجام ئەمە بەشدار دەبێت لە وەرگرتنی زانیاری ئەوتۆ کە بەشداربێت لە دروستبونی پاشخانێکی گەورەی رۆشنبیری و دواتریش بەشداردەبێت لە پەرەپێدانی تواناکان.

## 4- جۆری کارلێککردنی بەشداربوان لەگەڵ بابەتە بڵاوکراوەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

خشتەی (٦):کارلێککردنی مشتەی توێژینەوەکە لەگەڵ بابەتە بڵاوکراوەکانی سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| لایک | ١٠٠ | ٣٨ | ١ |
| کۆمێنت | ٤٧ | ١٧،٩ | ٢ |
| شەیرکردن | ٢٩ | ١١ | ٣ |
| تاگ | ٩ | ٣،٤ | ٧ |
| بڵاوکردنەوەی بابەت بەشێوەی تێکست | ٢١ | ٨ | ٤ |
| بڵاوکردنەوەی ئەلبومی وێنە | ٦ | ٢،٣ | ٨ |
| ناردنی نامە | ١٨ | ٦،٨ | ٥ |
| کردنەوەی لاپەڕە | ١١ | ٤،٢ | ٦ |
| بەشداربون لە گروپ | ١١ | ٤،٢ | ٦ |
| پۆک | ١ | ٠،٤ | ١١ |
| ریکلام | ٢ | ٠،٨ | ١٠ |
| بازارگەری | ٤ | ١،٥ | ٩ |
| لایف ستایل | ٢ | ٠،٨ | ١٠ |
| کردنەوەی لایڤ | ٢ | ٠،٨ | ١٠ |
| کۆی گشتی | ٢٦٣ | ١٠٠ | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٦) دەردەکەوێت کە کارلێککردنی مشتەی توێژینەوەکە لەگەڵ بابەتە بڵاوکراوەکانی سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر لایک پاشان کۆمێنتە بە پلەی دووەم، ئەم جۆرە لەکارلێک واتای پەسەندکردن یان پشتگیریکردن یان رەزامەندی دەردەخات سەبارەت بەهەر بابەتێکی بڵاوکراوە لەسەر پرسێکی دیاریکراو، بەوپێیەی کە لایک کەمترین کاردانەوە دەردەخات بەرامبەر بە بابەتی بڵاوکراوە، کەواتە لەسەر ئاستی بەشداری لە بابەتەکاندا،

مشتەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی ڕوکەش کارلێکی لەگەڵ کردون و بەشدارنەبووە لە ڕاستکردنەوەی هەڵە یان دەوڵەمەندکردنی بابەتەکان.

## 5- ڕادەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ مەبەستی کشتوکاڵی

خشتەی (٧):بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەمەبەستی کشتوکاڵی لەلایەن مشتەی توێژینەوەکە

| بڕگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆر کەم | ٧٥ | ٢٨،٥ | ٢ |
| کەم | ٩٨ | ٣٧،٣ | ١ |
| مامناوەند | ٧٥ | ٢٨،٥ | ٢ |
| زۆر | ١٤ | ٥،٣ | ٣ |
| زۆر زۆر | ١ | ٠،٤ | ٤ |
| کۆی گشتی | ٢٦٣ | ١٠٠ | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٧) دەردەکەوێت کە مشتەی توێژینەوەکە زیاتر بەرادەیەکی کەم تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەمەبەستی کشتوکاڵی بەکاردەهێنن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کەهێشتا ئەم تۆرانە لەلایەن مشتەی توێژینەوەکەوە بەشێوەیەکی باش کاری لەسەرنەکراوە بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی پەیوەست بەبواری کشتوکاڵ.

## 6- دیارترین تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە کاریگەرن لەسەر گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی

خشتەی (8)

دیارترین ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتیانەی کەزیاتر کاریگەری هەیە لە گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی لای مشتەی توێژینەوەکە

| بڕگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| فەیسبوک | ١٦٨ | ٦٣،٩ | ١ |
| ئینستاگرام | ٢٨ | ١٠،٦ | ٣ |
| یوتیوب | ٥٥ | ٢٠،٩ | ٢ |
| ئێکس | ٥ | ١،٩ | ٥ |
| لینکدئین | ٧ | ٢،٧ | ٤ |
| کۆی گشتی | ٢٦٣ | ١٠٠ | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (8) دەردەکەوێت کە دیارترین ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتیانەی کەزیاتر کاریگەری هەیە لە گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی لای مشتەی توێژینەوەکە فەیسبووکە، ئەمەش هاورایە لەگەڵ ئەنجامی خشتەی (٤) کە مشتەی توێژینەوەکە زیاتر پشت بەفەیسبوک دەبەستن بەراورد بەتۆڕەکانی تر.

## 7- مەبەستەکانی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی لە کەرتی کشتوکاڵیدا

خشتەی (9)

مەبەستەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە کەرتی کشتوکاڵیدا لەلای مشتەی توێژینەوەکە

| بڕگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بازاڕگەری بەرهەمە کشتوکاڵیەکان | ٩٦ | ٣٦،٤ | ١ |
| پەیوەندی نێوان جوتیاران و بەکارهێنەران | ٢٢ | ٨،٤ | ٤ |
| بڵاوکردنەوەی زانیاری و ڕێنمایی کشتوکاڵی | ٨٢ | ٣١،٢ | ٢ |
| پەیوەندی نێوان جوتیاران بۆ ئاڵوگۆڕی ئەزمون | ٧ | ٢،٧ | ٦ |
| پەیداکردن و پشتیوانی سەرچاوەی دارایی | ١٥ | ٥،٧ | ٥ |
| بۆ کاری ڕیکلام لە بواری کشتوکاڵدا | ٤١ | ١٥،٦ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٢٦٣ | ١٠٠ | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (9) دەردەکەوێت مەبەستەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە کەرتی کشتوکاڵیدا لەلای مشتەی توێژینەوەکە زیاتر بۆ بازاڕگەری بەرهەمە کشتوکاڵیەکانە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە مشتەی توێژینەوەکە ئاگاداری رەوشی بەرەو پێشچوونی پرۆسەی بازارگەری جوتیارانن لەبواری کشتوکاڵ کەبۆماوەی چەند ساڵێکە کاری لەسەر دەکرێت و تا رادەیەک رەنگدانەوەی ئەرێنی لەسەر بری فرۆش دەرخستوە.

خشتەی (10)

پشت بەستنی مشتەی توێژینەوەکە بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕادەی کارلێککردن لەگەڵ بابەتی کشتوکاڵی بڵاوکراوە

| ریزبەندی | ڕێژەی سەدی | دوبارەبونەوە | بڕگەکان |
|---|---|---|---|
| ٢ | ٢٩،٧ | ٧٨ | کەم |
| ١ | ٥٩،٣ | ١٥٦ | مامناوەند |
| ٣ | ١١ | ٢٩ | زۆر |
| | ١٠٠ | ٢٦٣ | کۆی گشتی |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (10) دەردەکەوێت کە مشتەی توێژینەوەکە لە پشت بەستنیان بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر بەڕادەی مامناوەند کارلێک لەگەڵ بابەتی کشتوکاڵی بڵاوکراوە دەکەن، ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنییە بۆ ئەوەی مشتەی توێژینەوەکە لەرێی ئەم تۆڕانەوە رۆژانە و بەشێوەیەکی کارا مامەڵە لەگەڵ بابەتە بڵاوکراوەکانی پەیوەست بەبواری کشتوکاڵ بکەن.

خشتەی (11)

ڕادەی متمانەی مشتەی توێژینەوەکە بەبابەتی کشتوکاڵی بڵاوکراوە

| ریزبەندی | ڕێژەی سەدی | دوبارەبونەوە | بڕگەکان |
|---|---|---|---|
| ٢ | ٢٢،١ | ٥٨ | کەم |
| ١ | ٧٠،٧ | ١٨٦ | مامناوەند |
| ٣ | ٧،٢ | ١٩ | زۆر |
| | ١٠٠ | ٢٦٣ | کۆی گشتی |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (1) دەردەکەوێت مشتەی توێژینەوەکە زیاتر بەڕادەی مامناوەند متمانە بەبابەتی کشتوکاڵی بڵاوکراوە دەکەن، ئەم ئەنجامە هاوکار دەبێت بۆ مشتەی توێژینەوەکە بۆ وەرگرتنی زانیاری کشتوکاڵی لەرێی ئەم تۆڕانەوە رۆژانە و بەشێوەیەکی بەردەوام، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەربڵاوی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هەبونی کەمترین بابەتی ساختە و هەواڵی چەواشەکارانە سەبارەت بە کەرتی کشتوکاڵ و بابەتە کشتوکاڵییەکان.

خشتەی (12)

ئاشنایەتی مشتەی توێژینەوەکە بەبابەتە کشتوکاڵییە بڵاوکراوەکان لە پشت بەستنیان بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

| ریزبەندی | ڕێژەی سەدی | دوبارەبونەوە | بڕگەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | ٢٣،٢ | ٦١ | بەروبومی سەوزەو میوە |
| ٤ | ٩،١ | ٢٤ | بەروبومی دانەوێڵە |
| ٣ | ١١ | ٢٩ | گەشەپێدانی خاک |
| ٢ | ١٦،٤ | ٤٣ | پاراستنی ژینگە |
| ٤ | ٩،١ | ٢٤ | پاراستنی ڕووەک |
| ٣ | ١١ | ٢٩ | بەروبومی سامانی ئاژەڵ |
| ٥ | ٨،٨ | ٢٣ | بەروبومی باخداری |
| ٧ | ٣،٨ | ١٠ | بەرهەمێنانی خۆراکی ئاژەڵ |
| ٦ | ٧،٦ | ٢٠ | بەرهەمی هەنگەوانی |
| | ١٠٠ | ٢٦٣ | کۆی گشتی |

-بەپێی ئەنجامی خشتەی (12) دەردەکەوێت ئاشنایەتی مشتەی توێژینەوەکە بەبابەتە کشتوکاڵییە بڵاوکراوەکان لە پشت بەستنیان بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر بابەتی بەروبومی سەوزەو میوەیە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە مشتەی توێژینەوەکە زیاتر بەدوای ئەو بابەتانەدا دەگەڕێن کە پەیوەستە بە خواست و پێداویستییەکانی خۆیانەوە بە تایبەت ژیانی ڕۆژانە و بەکارهێنانیان بۆ ئەو بەروبومانەی کە لە بواری کشتوکاڵدا بەرهەمدێن، بە پلەی دووەمیش پاراستنی ژینگە دێت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لە ساڵانی دواییدا بایەخێکی زیاتر بە بواری ژینگە و چۆنێتی پاراستنی ژینگە دەدرێت لەسەر ئاستی میدیایی.

خشتەی (13)

بۆچوونی مشتەی توێژینەوەکە سەبارەت بەڕەنگدانەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر کەرتی کشتوکاڵی

| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان / کەرتی کشتوکاڵی | زۆر هاورام | | هاورام | | دڵنیانیم | | هاورانیم | | زۆر هاورانیم | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | ڕێژەی سەدی | دوبارە | ڕێژەی سەدی | دوبارە | ڕێژەی سەدی | دوبارە | ڕێژەی سەدی | دوبارە | ڕێژەی سەدی | | | |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یارمەتی باشتر کردنی پەیوەندی نێوان جوتیاران و کڕیاران دەدەن. | ٤٦ | ٦ | ١٣٩ | ٥.٧ | ٦٠ | ٣.٧ | ٩ | ١.١ | ٩ | ٩.٣ | ٣،٧٨ | ٠،٨٩٥ | ٣ |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەرفەتی باشتر بۆ بازارگەری بەرهەمە کشتوکاڵیەکان دەڕەخسێنن. | ٥٥ | ٧.٢ | ١٦٣ | ٦.٦ | ٣٥ | ٢.٢ | ٨ | ٠.٩ | ٢ | ٢.١ | ٣،٩٩ | ٠،٧٣١ | ١ |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یارمەتی بڵاوکردنەوەی تەکنیکی نوێ و زانیاری کشتوکاڵی دەدەن. | ٦٢ | ٨.١ | ١٥٠ | ٦.١ | ٣٧ | ٢.٣ | ١٢ | ١.٤ | ٢ | ٢.١ | ٣،٩٨ | ٠،٧٩٣ | ٢ |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشداری دەکەن لە کەمکردنەوەی تێچوی بازارگەری کشتوکاڵی. | ٤٥ | ٥.٩ | ١٠٢ | ٤.٢ | ٩٧ | ٦ | ١٥ | ١.٨ | ٤ | ٤.٢ | ٣،٦٤ | ٠،٨٨٣ | ٧ |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە هۆی زیادکردنی داهاتی جوتیاران . | ٤٤ | ٥.٨ | ١١٨ | ٤.٨ | ٧٢ | ٤.٥ | ٢٤ | ٢.٨ | ٥ | ٥.٢ | ٣،٦٥ | ٠،٩٢٨ | ٦ |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ لە کشتوکاڵدا دەدەن. | ٥٢ | ٦.٨ | ١٦٤ | ٦.٧ | ٣٧ | ٢.٣ | ٩ | ١ | ١ | ١ | ٣،٩٨ | ٠،٧١٥ | ٢ |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریان هەیە لەسەر پەرەپێدانی کشتوکاڵی ئۆرگانیک. | ٤٠ | ٥.٣ | ١٣٥ | ٥.٥ | ٦٧ | ٤.٢ | ١٥ | ١.٨ | ٦ | ٦.٣ | ٣،٧١ | ٠،٨٧٣ | ٥ |

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یارمەتی ڕێکخستنی جوتیاران دەدات لە چوارچێوەی دروستکردنی کۆمەڵگەی جوتیاراندا. | ٣١ | ٤.١ | ١٠٤ | ٤.٢ | ٩٢ | ٥.٧ | ٣٢ | ٣.٧ | ٤ | ٤.٢ | ٣.٤٨ | ٠.٩٠٧ | ١٢ |
| لە پشت بەستن بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاڵوگۆڕی زانیاری دەربارەی بابەتە کشتوکاڵییەکان دەکرێت. | ٣٩ | ٥.١ | ١٣٩ | ٥.٧ | ٦٧ | ٤.٢ | ١٦ | ١.٩ | ٢ | ٢.١ | ٣.٧٥ | ٠.٨٠٩ | ٤ |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زانیاری نادروست لەسەر کشتوکاڵ بڵاودەکەنەوە. | ٣٥ | ٤.٦ | ٨٤ | ٣.٤ | ١١٠ | ٦.٨ | ٣٠ | ٣.٥ | ٤ | ٤.٢ | ٣.٤٤ | ٠.٩١٤ | ١٣ |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریان هەیە لەسەر بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستاندا. | ٢٨ | ٣.٧ | ١٤٠ | ٥.٧ | ٦٠ | ٣.٧ | ٢٨ | ٣.٣ | ٧ | ٧.٣ | ٣.٥٩ | ٠.٩١٢ | ١٠ |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریان هەیە لەسەر پەرەپێدانی کشتوکاڵی ئۆرگانیک لەلایەن جوتیارانەوە. | ٢٠ | ٢.٦ | ١٢٢ | ٥ | ٨٨ | ٥.٥ | ٢٩ | ٣.٤ | ٤ | ٤.٢ | ٣.٤٨ | ٠.٨٤٦ | ١٢ |
| بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاتی جوتیاران بەفیڕۆ دەدات. | ٢٣ | ٣ | ٥٩ | ٢.٤ | ٩٤ | ٥.٨ | ٨٠ | ٩.٣ | ٧ | ٧.٣ | ٣.٠٤ | ٠.٩٩٣ | ١٨ |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە هۆی پشتگوێ خستنی بەکارهێنانی ئامێرە کشتوکاڵیە نەریتیەکان بەهۆی ناساندنی ئامێرە نوێکانی کشتوکاڵی. | ٢٨ | ٣.٧ | ١٠٥ | ٤.٣ | ٨٠ | ٤.٩ | ٤٤ | ٥.١ | ٦ | ٦.٣ | ٣.٤٠ | ٠.٩٦٣ | ١٤ |

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە هۆی دروست بونی کێبڕکێی ناڕەوا لەنێوان خاوەن بەرهەمە کشتوکاڵیەکاندا. | ٢٧ | ٣٫٥ | ١٠٠ | ٤ | ٩٠ | ٥٫٦ | ٤١ | ٤٫٨ | ٥ | ٥٫٢ | ٣٫٣٩ | ٠٫٩٣٤ | ١٥ |
| کێشەی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت ڕێگرە لە سودوەرگرتنی جوتیار لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. | ٤٦ | ٦ | ١٠١ | ٤٫١ | ٦١ | ٣٫٨ | ٥٠ | ٥٫٨ | ٥ | ٥٫٢ | ٣٫٥١ | ١٫٠٤٨ | ١١ |
| بابەتە کشتوکاڵیە بڵاوکراوەکانی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەندێک کات چەواشەکارانەیە. | ٣٧ | ٤٫٩ | ١٢٧ | ٥٫٢ | ٦٦ | ٤٫١ | ٢٧ | ٣٫١ | ٦ | ٦٫٢ | ٣٫٦٢ | ٠٫٩٢٩ | ٨ |
| هەندێک لە بابەتە کشتوکاڵیە بڵاوکراوەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕەنگدانەوەی واقعی کۆمەڵگای کوردی نیە. | ٢٦ | ٣٫٤ | ١٢٩ | ٥٫٢ | ٨٨ | ٥٫٥ | ١٩ | ٢٫٢ | ١ | ١ | ٣٫٦١ | ٠٫٧٧٨ | ٩ |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریان نیە لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و کوالیتی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان. | ١٦ | ٢٫١ | ٦٨ | ٢٫٨ | ٨٠ | ٤٫٩ | ٩٦ | ١١٫١ | ٣ | ٣٫١ | ٢٫٩٨ | ٠٫٩٥٧ | ١٩ |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریان نیە لەسەر ئاشنابون بە پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای کشتوکاڵی. | ١٨ | ٢٫٤ | ٦٢ | ٢٫٥ | ٥٩ | ٣٫٧ | ١١٧ | ١٣٫٦ | ٧ | ٧٫٣ | ٢٫٨٧ | ١٫٠٢٤ | ٢٠ |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریان نیە لەسەر سیاسەتی کشتوکاڵی و دارشتنی چوارچێوەی یاسایی کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستاندا. | ٢٣ | ٣ | ٧٥ | ٣ | ٩٣ | ٥٫٧ | ٦٧ | ٧٫٨ | ٥ | ٥٫٢ | ٣٫١٧ | ٠٫٩٧٠ | ١٦ |

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تۆرە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریان نیە لەسەر چالاککردنی کولتوری بەکاربردنی بەرهەمە خۆجێیەکان لەلایەن هاولاتیانەوە . | ٢١ | ٢٨ | ٧٠ | ٢.٩ | ٨٠ | ٤.٩ | ٩١ | ١٠.٦ | ١ | ١ | ٣.٠٧ | ٠.٩٧٢ | ١٧ |
| کۆی گشتی [1] | ٧٦٢ | ١٠٠ | ٢٤٥٦ | ١٠٠ | ١٦١٣ | ١٠٠ | ٨٥٩ | ١٠٠ | ٩٦ | ١٠٠ | | | |

خشتەی (13)

بۆچوونی مشتەی توێژینەوەکە سەبارەت بەرەنگدانەوەی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر کەرتی کشتوکاڵی

– بەپێی ئەنجامی خشتەی (13) دەردەکەوێت کە بۆچوونی مشتەی توێژینەوەکە سەبارەت بەرەنگدانەوەی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر کەرتی کشتوکاڵی بەپلەی یەکەم ئەوەیە کە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان دەرفەتی باشتر بۆ بازاڕگەری بەرهەمە کشتوکاڵیەکان دەرەخسێنن بەنێوەندی ژمێرەیی (٣،٩٩) و لادانی پێوەری (٠،٧٣١)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت وەک ئامرازێکی میدیایی کاریگەر پشتی پێببەسترێت بۆ ریکلام و بازارگەری بەرهەمە کشتوکاڵییەکان کە تێچوویەکی کەم و کاریگەریەکی گەورەی دەبێت لەسەر بازارگەری، بەجۆرێک بواری کشتوکاڵ لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان زیاتر بەرەو پێشببات لەرووی ژێرخانی ئابوری و تا گەیشتن بەو ئاستەی کشتوکاڵ ببێتە بەشێک لەداهاتی نیشتمانی هەرێم بۆ گەشەپێدان و پێشخستن، هەر ئەم ئەنجامەش بە دروستی دەرچووە کاتێک سامپڵی تویژینەوەکە بۆچونی وایە بپلەی سێهەم تۆرەکان یارمەتی باشترکردنی پەیوەندی نێوان جوتیار و کڕیاران دەدەن، کە ئەوەش ڕێگەیەکی دیکەیە بۆ بەبازاڕکردنی بەروبومە کشتوکاڵیەکان. بە پلەی دووەمیش مشتەکە پێیان وایە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان یارمەتی بڵاوکردنەوەی تەکنیکی نوێ و زانیاری کشتوکاڵی دەدەن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە تۆرەکان بە گشتی بەشداربون لە پێدانی زانیاریو سەرەنجامیش لە پەرەپێدان و گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ. بە پلەی سێهەمیش پێیانوایە تۆری کۆمەلایەتی مشتەی توێژینەوەکە بە پلەی کۆتایی ئاماژەیان بەوە داوە کە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریان نیە لەسەر ئاشنابون بە پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای کشتوکاڵی بەنێوەندی ژمێرەیی (٢،٨٧) و لادانی پێوەری (١،٠٢٤)

واتە ئەم تۆڕانە ناتوانن جوتیاران بناسێنن بەتەکنەلۆژیان نوێی پێشکەوتوی بواری کشتوکاڵ، ئەم ئەنجامەش ئەوە دەخاتەروو مشتەی توێژینەوەکە پێیان وایە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەپلەی یەکەم ڕەنگدانەوەی ئەرێنی و بەپلەی کۆتایی ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر کەرتی کشتوکاڵی هەیە.

## 5. دەرەنجام

*دەرئەنجامی توێژینەوەکە:

1- ئاستی پشت بەستن بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستێکی باشدایە بەمەبەستی ئاشنابون بە گرنگترین زانیاری و هەواڵ پێشکەوتن و پێشهاتەکان کە لە بوارە جیاوازەکان بەدەست دەهێنرێن.

2- لە پشت بەستن بە تۆڕی کۆمەڵایەتی، بەکارهێنەران بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستی و خواست و ئارەزوەکانیان بەڵام فەیسبوک وەک تۆڕێکی کۆمەڵایەتی زیتر پشتی پێدەبەستریت، ئەمەش گونجاوە لەگەڵ گشت ئەو ئامارانەی لەسەر ئاستی جیهان هەیە سەبارەت بە تۆڕی فەیسبوک لە ڕوی فراوانی و بەکارهێنانەوە.

3- کارلێک لەگەڵ بابەتی کشتوکاڵی بڵاوکراوە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاستی جیاجیای هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی نیشاندانی کارایی بەکارهێنەران لە مامەڵەکردن بۆ پشت بەستن بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەڵام زیاتر کارلێککردن لەگەڵ ئەم تۆڕانەدا بۆ کارلێکی لایکە کە واتای پەسەندی و ڕەزەمەندی و پشتگیری دێت بۆ بابەتە بڵاوکراوەکان بەڵام کارلێکێکی ڕووکەشە نەک بەشداربوون.

4- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەمەبەستی کشتوکاڵی بە ڕادەی جیاواز بەکاردێت، واتای ئەوەیە دەستەبژێرانی بواری کشتوکاڵ و ڕاگەیاندن، بە شێوەیەکی چالاک و کارا لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی کاریان کردوە بەمەبەستی ئاگاداربون لە بابەتەکانی پەیوست بە کەرتی کشتوکاڵ.

5- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە قەبارەی جیاجیا کاریگەری دروستکردوە لەسەر گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی بەڵام تۆڕی فەیسبوک تا ئێستا لە گشت تۆڕەکانی دیکە کاریگەرترە، بە هۆی بونی تایبەتمەندی زۆر و فراوان و ژمارەیەکی زۆری بەکارهێنەرانیش.

6- بە هۆی کەمی هەواڵی ساختە و بابەتی چەواشەکارانە لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی، لە ڕوی متمانەوە، بابەتە کشتوکاڵییە بڵاوکراوەکان لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەئاستی متمانەی خوێنەر و بەکارهێنەراندایە، ئەمەش هۆکارێکی گرنگە بۆ ئەوەی تۆڕی کۆمەڵایەتی بتوانێت کاریگەری زیاتر لەسەر وەرگر دروستبکات.

7- سەبارەت بەڕەنگدانەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر کەرتی کشتوکاڵی، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەرفەتی باشتر بۆ بازاڕگەری بەرهەمە کشتوکاڵیەکان دەڕەخسێنن، ڕۆڵیشی هەیە لە باشترکردنی پەیوەندی نێوان جوتیاران و کڕیاران، واتا کاریگەریەکە بە ئەرێنی دەرکەوتوە، بەڵام تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریان نیە لەسەر ئاشنابون بە پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای کشتوکاڵی، کەواتە تا ئێستا بڵاوکردنەوەی زانیری سەبارەت بە تەکنەلۆژیای کشتوکاڵی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستی پێویستدا نیە و ئەمەش کاریگەرییەکی نەرێنییە بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

## 6. ڕاسپاردە:

1- توێژەر دامەزراوە ئەکادیمی و کشتوکاڵییەکان ڕادەسپێرێت، گرنگی بە بڵاوکردنەوەی بابەت و ناوەڕۆکە کشتوکاڵییەکان بدەن لە سۆشیال میدیا بە گشتی و فەیسبوک بە شێوەیەکی تایبەت، بە مەبەستی باشتر کارکردن لەسەر کاراکردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی لە خزمەتی بواری کشتوکاڵ.

2- دامەزراوە کشتوکاڵییەکان بابەخی زیاتر بدەن بەبڵاوکردنەوەی بابەتە زانستی کشتوکاڵی تاکو لە ڕێگەیەوە ڕۆشنبیری و هوشیاری کشتوکاڵی زیاتر لای وەرگر دروست دەبێت و بەمەش بایەخ بە بەروبومی کشتوکاڵی زیاتر دەبێت.

3- دامەزراوە ئەکادیمیە کشتوکاڵییەکان، بە تایبەت کۆلێژی کشتوکاڵ لە زانکۆکانی کوردستان، بەشی تایبەت و وانەی تایبەت بە ڕاگەیاندنی کشتوکاڵی تەرخان بکەن بۆ زیاتر برەودان بە لایەنی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن.

## 7. پێشنیاز

1- توێژەر پێشنیاز دەکات، ئەکادیمیان و توێژەرانی بواری کشتوکاڵ، گرنگی زیاتر بە توێژینەوەی زانستی بدەن لە داهاتودا، پەیوەست بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەت سەبارەت بە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی کشتوکاڵ، وەک: (بەها، ئاراستە، هۆشیاری، بەشداری ..هتد).

3- توێژەر پێشنیاز بۆ توێژەران و ئەکادیمیانی بواری ڕاگەیاندن و کشتوکاڵ دەکات، توێژینەوەی زانستی زیاتر بکەن لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی بە گشتی، لەسەر لایەنە جیاجیاکانی کشتوکاڵ، بە تایبەت لە روی سودوەرگرتن لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژی.

## . لیستی سەرچاوەکان


### بە زمانی کوردی:

- (عزۆ، هێڤی عبدالله و سعید، نادیە طلعت)، (2025)، (شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی توانستە جوگرافیەکان بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵی لە قەزای چۆمان بە بەکارهێنانی مۆدێلی AHP )، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤیەتیەکان، ژمارە (4) موجەلەدی(29).

### *بە زمانی عەرەبی:

**یەکەم: کتێب.**

- (الزعبي، عاكف)، (2006)، مبادىء التسويق الزراعي، دار الحامد للنشر و التوزيع، عمان، الاردن، الطبعة الاولى
- (القريشي، على حاتم)، (2017) اقتصاديات التنمية، مطبعة حوض الفرات، بغداد
- (رمضان، نعمة الله احمد و زكي، ايمان محمد)، (2001)، مبادىء اقتصاديات الموارد و البيئة، مركز الاسكندرية للكتب، الاسكندرية، مصر
- (كامل، ميرفت محمد)، (2003)، مدخل الى صحافه الاطفال، دار الفكر العربي، القاهرة

**دووەم: نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا**

- (حبيبة، نعيمي فتيحة – سمية، يوسفي)، (2022)، اثر التحول الرقمي على التقارير المحاسبية في القطاع الحكومي – دراسة ميدانية – المؤسسة ولاية تيارت، جامعة بن خلدون – تيارت. كلية العلوم الاقتصادية و التجارية و علوم التسير، قسم علوم التسير
- (حلمي، مروة نبيل)، (2017)، التسويق عبر شبكات التواصل الاجتماعي و علاقته في تعزيز ادارة العلاقة مع الزبون في شركات تكنلوجيا المعلومات – قطاع غزة، رسالة ماجستير منشورة، جامعة الازهر – غزة، كلية الاقتصاد و العلوم الادارية.
- خليل، سنار ابراهيم، (2024) الاشباعات المتحققة من استخدام الفلاحين لمواقع التواصل الاجتماعي، العراقية: المجلات الاكاديمية العلمية، المجلد 71، العدد 3
- (عبدالحليم، جدي)، (2004)، الفلاحة و التنمية الذاتية لبلدية الركنية، مذكرة تخرج لنيل شهادة ماجستير في العلوم الاقتصادية، تخصص نقود و مالية، جامة 8 ماى 45 قالمة
- عبدالمنعم، افنان طلعت، (2015)، استخدامات الشباب للشبكات الاجتماعية و تأثيرها على علاقاتهم في تبادل الخبرات المجتمعية، رسالة مقدمة للحصول على درجة ماجستير في الاعلام، جامعة القاهرة، كلية الاعلام، قسم الصحافة.
- (العجلة، رامي سلمان)، (2011)، اثر التطور التكنلوجي على التحرير الصحفي، رسالة ماجستير غير منشورة، غزة، الجامعة الاسلامية، قسم الصحافة
- (فرغلي، احمد يوسف)، (2012)، دور التقنيات الحديثة في تحول شباب الجامعي العربي من قراءة الصحافة المطبوعة الى الالكترونية، رسالة ماجستير غير منشورة، الجامعة الهولندية
- (قسمية، سليمة و قريبي، صابرينة)، (2016)، العنف اللفظي في مواقع التواصل الاجتماعي، تويتر نموذجا: دراسة وصفية تحليلية لطلبة الاعلام و الاتصال، جامعة قاصدي مرباح، ورقلة، رسالة ماجستير، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية
- (نومار، مريم نريمان)، 2012، استخدام مواقع شبكات الاجتماعية و تأثيره في العلاقات الاجتماعية: دراسة عينة من مستخدمي موقع الفيسبوك في الجزائر، مذكرة ماجستير، جامعة الحاج لخضر، باتنة

**سێهەم: گۆڤار**

- باكير، ياسمين عطاالله، (2025)، تأثير برامج البودكاست على تنمية الوعي الثقافي.. دراسة ميدانية على الجمهور المصري، مجلة البحوث الاعلامية، جامعة الازهر، كلية الاعلام، العدد 73، الجزء 3
- (الجزار، محمد حمود ، و آخرين)، (2021)، استخدام العاملين الارشاديين لوسائل التواصل الاجتماعي فى العمل الارشادي ببعض المحافظات المصرية، مجلة العلوم الزراعية المستدامة، المجلد 47، العدد 4
- (الزمل، ناصر محمد)، (2015)، بريان اكتوم و جان كوم مؤسسا تطبيق واتس اب، مجلة فكر، مركز العبيكان للابحاث و النشر، السعودية، عدد9

– العصيمي، هند فيصل، (2023)، دور استخدام المدونات الالكترونية على تنمية مهارات التعلم الذاتي لدى طالبات المرحلة الثانوية، المجلة العلمية لكلية التربية، جامعة اسيوط، المجلد 39، العدد الاول، جزء الثاني

– (كامل، محمد عبدالفتاح)، (2015)، توظيف تقنيات الاجهزة المحمولة في تقديم الخدمة المرجعية بالمكتبات و مراكز المعلومات، المجلة الدولية لعلوم المكتبات و المعلومات، الجمعية المصرية للمكتبات و المعلومات، المجلد 2 ، العدد1، مصر

– نعيمة، بوذينة، (2018)، شبكات التواصل الاجتماعي: تعدد الانواع و الاستخدام، مجلة حقائق للدراسات النفسية و الاجتماعية، العدد 9، مجلد 2

**چوارەم: وێبسایتی ئەلكترۆنی:**

– موقع مجلس النواب العراقي، *الدستور العراقي*، تم الاطلاع عليه في (2025/1/15)، رابط الموقع:

https://iq.parliament.iq

– الجزيرة، (مارس 2023)، *التنميه، مقوماتها و نظرياتها*، تم الاطلاع عليه في (2025/3/15)، متاح على:

https://www.al-jazirah.com/2023/20230330/ar2.htm

– (حمدوش، رياض)، (2001)، ( *مفهوم التنمية السياسية وعلاقتها بالتنمية الاقتصادية* )، معهد الميثاق، تم الاطلاع عليه في (2025/3/10)، متاح على:

www. Almethag . infolnew slarticle 1696 .htm

– عاطف مظهر ، (9 ديسمبر 2009)، *الزراعة، تعريفها و تأريخها و ماضيها و حاضرها ومجالاتها و فوائدها* ، مجلة موهوبون الالكترونية، تم الاطلاع عليه في (2025/4/26)، متاح على:

https://mawhopon.net

*** سەرچاوە بیانییەکان:**

**یەکەم: نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا**

- (Bhattacharjee B. and Saravanan R.),( 2016). Social media: Shaping the future of agricultural extension and advisory services, GFRAS: Lindau, Switzerland. Available at: https://www.g-fras.org/en/knowledge/gfras-publications.html?download=414:social-media-shaping-the-future-of-agricultural-extension-and-advisory-services
- (Cachia. Romina). (2008). Social computing: study on the use and impact of online social networking: jrc scientific reports

**دووەم: سایتی ئەلکترۆنی**

- (Cambridge), (2025), accessed: 25/5/2025, Available on: https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/agriculture
- (F.A.O), accessed (20/4/2025), Available on: https://www.fao.org/agroecology/knowledge/definition/ar/
- (kumar.naveen). (2025), how many people use Instagram 2025, accessed (12/5/2025), From : How Many People Use Instagram 2025 (New Statistics)
- (The World Bank), (2017). ICT in agriculture: connecting stallholders to knowledge, networks, and institutions, report number 64605, Washington, DC. accessed (12/5/2025) Available at: https://documents1.worldbank.org/curated/en/522141499680975973/pdf/117319-PUB-Date-6-27-2017-PUBLIC.pdf
- (We Are Social LTD), (2025), Global Digital Report 2025, New York, accessed (21/5/2025) available at: https://wearesocial.com/uk/blog/2025/02/digital-2025-the-essential-guide-to-the-global-state-of-digital/

**شبكات التواصل الاجتماعي و تأثيراتها على تنمية القطاع الزراعي في اقليم كردستان**

**شێنێ جەزا محی الدین**
قسم الاعلام – كلية العلوم الانسانية – جامعة السليمانية – سليمانية – اقليم كوردستان – العراق
shenejazaa@gmail.com

**سەلام نصرالدین محمد**
قسم الاعلام – كلية العلوم الانسانية – جامعة السليمانية – سليمانية – اقليم كوردستان – العراق
Salam.mohammed@univsul.edu.iq

**ملخص:**
يهدف هذا البحث الى تحديد تأثير شبكات التواصل الاجتماعي في تطوير القطاع الزراعي في إقليم كردستان- العراق. هذا البحث وصفي ويستخدم نموذج الكمي و يعتمد على منهج المسح لعينة من اساتذة الجامعيين في محافظات (اربيل، السليمانية، دهوك، حلبجة)، عدد العينه (263) مبحوث بطريقة الحصر الشامل، من خلال استخدام استمارة الاستبانة الالكترونية( غوغل فورم) للحصول على إجابات لأسئلة البحث. خلص البحث إلى استنتاجات عده من اهمها: درجه الاعتماد على شبكات التواصل الاجتماعي متفاوتة و منها الفيسبوك الذي يعد الأكثر تأثيرا في تطوير القطاع الزراعي، مستوى استخدام شبكات التواصل الاجتماعي لأغراض زراعية فى مستوى متدنى خاصه فى مجال التكنولوجيا الزراعيه و حول انعكاسات شبكات التواصل على القطاع الزراعي، مواقع التواصل بالدرجة الاولى توفر فرص أفضل لتسويق المنتجات الزراعية أي أن التأثير إيجابي، و أخيرا لا تؤثر شبكات التواصل الاجتماعي على امكانية معرفة التطورات التكنلوجية في القطاع الزراعي أي أن التأثير سلبي.
**الكلمات المفتاحية:** شبكات التواصل الاجتماعي، التأثير، التنمية، القطاع الزراعي، إقليم كردستان

**Social Media and Its Influence on the Development of the Agricultural Sector in the Kurdistan Region**

**Shene Jaza Muhealddin**
Media department - College of Humanitarian Science - University of Sulaimany – Suleimany - Kurdistan Region – Iraq
shenejazaa@gmail.com

**Salam Nasreddin Muhammad**
Media department - College of Humanitarian Science - University of Sulaimany – sulaimany - Kurdistan Region – Iraq
Salam.mohammed@univsul.edu.iq

**Abstract**
This descriptive–quantitative study investigates social media and its influence on the development of the agricultural sector in the Kurdistan Region. It relies on a survey methodology for a sample of university professors in ( Erbil, Sulaymaniyah, Dohuk, and Halabja), Its number is (263) samples using the Complete Census method. using an electronic questionnaire (Google Form) to obtain answers to the research questions. The research concluded that: The majority of the sample relies on social media networks to varying degrees, including Facebook, which is the most influential in developing the agricultural sector, but to a lesser extent they use social media networks for agricultural purposes. Regarding the respondents' opinion on the impact of social media networks on the agricultural sector, the respondents believe that social media sites primarily provide better opportunities for marketing agricultural products, meaning that the impact is positive. Finally, social media networks do not affect the possibility of knowing about technological developments in the agricultural sector, meaning that the impact is negative.
**Keywords:** social media networks, influence, development, agricultural sector, Kurdistan Region